سەرکی یەکێتی وسید عەمار حەکیم جەخت لە گفتوگۆی بەرپرسیارانە و بونیادنەرانە لەنێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان دەکەنەوە



بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گەڵ سەید عەمار حەکیم سەرکی ڕەوتی حیکمە کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا دەربارەی کێشەی ڕەسوڵ و قوباد تاڵەبانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئامادەبوون گفتوگۆیان لەبارەوە کرا و جەخت لە گفتوگۆی بەرپرسیارانە و بونیادنەرانە کرایەوە لەنێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان لەپێناو سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و پاراستنی سەقامگیری لە وڵاتدا.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تەوەرەکیتری دیدارەکە بوو و هەردوولا جەختییان لە بەڵێنەکانی و گرنگییەکەی کردەوە لەپێناو بەرەوپێشچوونی ڕەوتی دیموکراسی و هێنانکایەی حوکمانییەکی تێندروست کە ببێتە مایەی سەقامگیریی سیاسی و پشکشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر.

لەبارەی هەڵبژاردنی سەرکی ئینجوومەنی نوێنەرانی عێراقیشەوە، تەواوکردنی ڕکارە یاسایی و

دەستوورییەکان دووپاتکرایەوە و جەخت لە بەردەوامیی هەوڵەکان کرایەوە تاوەکو هیچ بەربەستێك لەبەردەم پرۆسەکەدا نەمێنێتەوە.